# بیرت ئەکەم




من گشت شەوێ لەگەڵ ئاسمان

شین بۆ دوریت ئەکەم

لەتەك دەنگی ڕەشەباشدا

هاوار ئەکەم

بیرت ئەکەم

ئەی وڵاتی منداڵیم....

بیری هەموو ئەو ڕۆژانە ئەکەم

کە لە شەقامە بێ نازەکانتا

بە بوکە شوشەیەکی چاوشینی قژ زەردەوە

ماڵەباجێنەم ئەکردو

دەهاتم و دەچوم بە ڕێگاکانتا

کەچی لێرە مرۆڤێکی زۆر ناخ خاڵیم

نە منداڵم و نە گەنجم و نە پیریشم

تەنها ئادەمیزادێکی نەناسراوم

من لێرە لە گۆڕستانی ڕۆژگاردا نێژراوم و

لە یادگارییە قوڵەکانتدا خنکێندراوم

ئاااى ولآتەكەم

خۆزگە ئەدزانى چەنێ بيرت ئەكەم

من لێرە درەخت و گوڵەكانيشم فێر كردووە

هەموو شەوێ لەگەڵم بگرين

لەگەڵ پەپولەدا بەڵێنمان بەيەك داوە

شەوێ پێكەوە باڵبگرين و

بۆ باوەشت بفڕين

وەلێ هەموو ڕۆژێ و هەموو شەوێ

يادگارى و ئەنديشە دێن و

بەرەو لاى تۆ دەمفڕێنن

ئەمبەنەوە ماڵى شەهيدەكان و

تێر چاوانم ئەگرييێنن

بەلآم هێشتا بيرت ئەكەم

من زۆر سات لە خۆم دەپرسم

چ تراژيدياﻳەك منى گەياندە ئەم كەنارە بێ دەرياﻳە

كام ڕۆژگارى ڕەش بوو تورى دامە ئەم تەنهاﻳى ﻳە

منێك كە هەر لە منداڵيمەوە عاشقت بووم و

گشت داڕشتنەكانى وانەى كورديم لەسەر تۆ بوو

چيم داوە لەم وولآتە ووشكەو لەم بێ دارييە

چۆن بتوانم بگەمە لات

ئامێزی گەرمت بکەمە لانك و

تێێێێێێر بخەوم

ئای چەنێ یرت ئەکەم ئەی وڵات

ئەم جارەیان گەر بێمەوە

هێندە ئەو خاکەت ماچ ئەکەم

تا تینوێتیم ئەشکێ

ئەوەندە سەیری دیمەنت ئەکەم

تا تابلۆی بێ هاوتات بۆ هەمیشە

کل و ڕەنگی چاوانم بێ

تا ئەتوانم لە ئاوی کانییەکانت ئەخۆمەوە

بە یادەوەریەکانت هۆنراوەیەك بۆ منداڵیم

لەگەڵ تۆدا ئەهۆنمەوە

ئاااااى چەنێ بیرت ئەکەم

کەی دێ ئەو رۆژەی بۆلات دێمەوە

تا بە بۆنی چڵێ نێرگز

هێدی هێدی بتوێمەوە

بیرت ئەکەم وڵاتەکەم

ئەی دایکە بێ نازو بێ کەسەکەم

زۆر ئەترسم بمرم و نەتبینمەوە

ئەترسم لێرە بمرم و

لاشەکەشم بە باوەشت نەدەنەوە

من ئەمەوێت پێش ئەوەی بمرم

بتوانم لە باوەشتا تێر تێر بگریم

ئەمەوێت تەنها یەك ڕۆژ

وەك هەموو کەس منیش بژیم


کانی هەڵەبجەیی

هۆڵندا

Kani_awin@hotmal.com